# عادل باخەوان: من ڕەهەندۆفۆب نیم




ئەم گوفتوگۆیە لەلایەن گۆڤاری لڤینەوە ئەنجامدراوەو لە دواژمارەی ئەو گۆڤارەدا بڵاوبوەتەوە.

**"لەئەم قۆناغەدا تێبینی ئەوەدەکەم کە بزووتنەوەیەکی دژەرەهەند کەزیاتر بە بزووتنەوەیەکی سیاسی دەچێت لەکارکردندایە. من ئەو بزووتنەوەیە ناودەنێم (ڕەهەندۆفۆبی). ئەوانەی ئەمرۆ ڕەهەندۆفۆبن کۆمەڵێک هۆکاری زاتی و سیاسی و دواتر کۆمەڵێک نەخوێنەوارو ڕۆژنامەنووس و تەلەفیزۆنکارەکانن. دیارە هەندێک ڕەخنەی جدیی هەیە نایخەمە نێو بازنەی ڕەهەندۆفۆبیەوە."**

1. **قەیرانی ڕۆشنبیری کوردی لە چیدا دەبینیتەوە؟ وە چۆن چارەسەردەکرێت؟**

سەرەتا سووپاستان دەکەم. ئێوە لەنێو ئەو هەموو ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتیەدا بیرتان لە کەسێک کردبێتەوە کە جگە لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان هیچ شتێکی تری نیە بە ئێوەی ببەخشێت ئەم کردەوەیەتان جێگای سوپاس و لەهامان کاتدا سەرسورمانیشە. جێگەی

سووپاسە، چوونکە لە بازاری (رۆشنبیریی کوردی) شتێک نیە لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان بێنرخترو لە زاناکانی ئەو مەیدانانە سووکتر سەیربکرێت. ئەم کردەوەیەتان جێگای سەرسورمانیشە، چوونکە پرسیار لای من دەوروژێنێت: بڵێیت ئەمەش هەوڵێکیتر نەبێت بۆ پەلکێشکردنی زانستەکۆمەڵایەتیەکان بۆ نێو بازارێک کە تیایدا هیچشتێک وەک شەرەجنێو نرخی بەرز نیە! سوپاس و سەرسورمان، مەیدانێکی گرنگ بۆ توێژینەوەی سۆسیۆلۆژی، کە رەنگە ئێرە جێگەی ئەوە نەبێت.

بەهەرحاڵ، من هەر چرکەیەک هەستبکەم بەوەی پیشەکەم کە توێژینەوەی سۆسیۆلۆژیە بەو ئاراستەیەدا دەبرێت، ئامادەم وەک پیەر بۆردیۆ چۆن لەبەرنامەی "وەستان لەسەر وێنە" ی کەناڵی پێنجەمی فەرەنسی ستۆدیۆی بەسەر رۆژنامەنووسە جنێوفرۆشەکاندا بەجێهێشت، ئاوا منیش پرۆمەدەرەوە لەهەموو گووفتوگۆیەک کە بمبات بەرەو پیری رۆژنامەنووسە جنێوفرۆشەکان و لە پیشەکەی خۆم دورم بخاتەوە، وەپێم باشە دەیان ساڵیتر لە بێدەنگیدا بم وەک لەوەی بە بێ حورمەتی زانست بەرمە نێو ئەو بازارەوە. ئێستاش دەگەرێمەوە سەر پرسیارەکانتان.

پرسیارەکەتان وا دەسپێدەکات: قەیرانی رۆشنبیری کوردی لە چیدا دەبینمەوە ؟ وە چۆن چارەسەردەکرێت ؟ گەر لێکۆڵینەوەیەکی ئیتنۆمیتۆدۆلۆژیانەی ئەم پرسیارەبکەم، بێگوومان سەرەتا دەبێت ئەو رەگەزانەی کە (بینا)ی (بوونیاد)ی ئەو پرسیارە دەکەن تەحلیلبکەم. رەگەزی یەکەم  ئێوەن وەک کۆمەڵێک نووسەری گۆڤارێک. رەگەزی دووەم مەیدانێکە کە پێی دەگوترێت رۆشنبیری کوردی، رەگەزی سێیەم منم وەک پرسیار لێکراوێک کە دەبێت تەحلیلبکات. ئەوپرسیارە هەروەها بە یەقینێکیش دەستپێدەکات کەبریتیە لە قەیران، واتە یەکێک لە گووتارەکانی ئەو پرسیارە هەر لەسەرەتاوە من فرێدەداتە نێو ئەو یەقینەوە کە رۆشنبیریی کوردی لە قەیراندایە. گوتارێکی دیکەی ئەو پرسیارەش بریتیە لە یەقینێکیتر، یەقینی ئەوەی کە لە جێگایەکی شاراوەدا (چارەسەرێک) هەیەو دەبێت بیدۆزینەوە بۆ ئەوەی بە گوزارشتی بۆردیۆ (کێڵگە)ی رۆشنبیریی کوردی پێ رزگارکەین.

ئایا من شەرعیەتی ئەوەم هەیە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە ؟ دەبێت هەر ئێستا وەڵامی ئەم پرسیارەی خۆم بدەمەوە. من پێم وایە نەخێر، چونکە تەواو بێ چەکم لەبەرانبەر چەند رەگەزێکداو تەواو چەکداریش لەبەرانبەر رەگازەکانیتردا.

 با لەرەگەزی یەکەمەوە دەستپێبکین کە ئێوەن. ئێوە کێن ؟ چ پرۆژەیەکتان هەیە ؟ تەمەنتان چەندە ؟ چ دیپلۆمێکتان هەیە ؟ سەر بە چەند چینی کۆمەڵایەتین؟ هەڵگری چ شوناسێکن ؟ چی کۆتان دەکاتەوە ؟ جگە لە نووسین پیشەیەکیترتان هەیە ؟ گەر هەیە چیە ؟ گەر نیە بۆ ؟

وە هەروەها دەیان پرسیاریتر. توێژەرەوەیەک کە کار لەسەر زانست بکات تەنها رێگایەکی لەبەردەستدایە بۆ ئەوەی شەرعیەتی قسەکردنی هەبێت، یەک رێگا کەبریتیە لە گەرانەوەیەکی رادیکاڵانە بۆ سەر مەیدان و لێکۆڵینەو کردنو چاودێریکردنی تەواوی ئەو ئەکتەرانەی کە لەو پانتاییەدا دەژین، وە پاش گەڵاڵەکردنی تەواوی دەرهاویشتەکان دەتوانێت ماکینەی تەحلیلکردنی بخاتەکار. ئایا منێک کە لێکۆڵینەوەی مەیدانیم لەسەر ئێوە لە پلەی سفردایە هیچ شەرعیەتێکی زانستیم هەیە بۆ ئەوی یەک حەرف لەسەر ئێوە بڵێم ؟ بێگوومان نەخێر. کەواتە هەر لەرێوە دەبێت رەگەزی یەکەم دوربخەینەوە.

رەگەزی دووەم کێڵگەی رۆشنبیریی کوردیە. لێرە تەمێک نیشتۆوەتە سەر جەستەی ئەم پرسیارە. مەبەست چیە بە رۆشنبیریی کوردی ؟ رۆژنامەنووسی؟ کۆرگرتن؟ تەلەفیزۆن و رادیۆ؟ گۆڤاردەکردن و چاپخانەکان ؟ شیعرو چیرۆکو رۆمانکردن؟ ئەمانە هەموو پێکەوە؟ ئایا ئەم کێڵگەیە فراواندەبێتەوە بۆ ئەوەی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانیش لە خۆ بگرێت ؟ نازانم، لای من روون نیە، ئێوە رۆشنبریی کوردی لە چی باردەکان ؟

من پێم وایە یەکێک لە گرفتەکانی ئەم کۆنسێپتە دەگەرێتەوە بۆ دیارینەکردنی چوارچێوەکانی، بۆ کۆنکرێتیزە نەکردنی، بەواتایەکیتر، لە کوردستان ئێمە تائێستا زانایەکمان نیە کە تیۆریزەی کێڵگەی رۆشنبیریی کوردیی کردبێت، وەک قووتابخانەی پیەر بۆردیۆ تیۆریزەی کێڵگەی رۆشنبیریی فەرەنسی کرد. بۆ نموونە لە فەرەنسادا سنورەکانی کێڵگەی رۆشنبیریی، گرەوەکانی، مەرجەکانی داخڵبوون، ستراتیژیەتەکانی ناوەوە تەواو روونن. کێڵگەکان بەشێوەیەکی رێژەیی ئۆتۆنۆمن. بۆ ئێمە ئەمە یەکێکە لە گرفتە سەرەکیەکانمان.

گرفتێکیتر تێکەڵکردنێی سەقەتی هەردوو کۆنسێپتی کولتورو ئەنتێلێکتیوالیتێ یە. عەرەبەکان، کولتوریان بە سەقافەت وەرگێراوە، کوردیش لە عەرەبیەوە وەریگرتوەو کردویەتی بە رۆشنبیریی. بێگومان گەردونی کولتور تەواو سەربەخۆیە لە گەردوونی ئەنتێلێکتیوالیتێ، ئێمە لە کوردوستان هەردوو گەردوونەکە لەیەکتری باردەکەین و سنورەکانیان تێکەڵبەیەکتری دەکەین. ئەوەش یەکێکیترە لە دەرکەوتەکانی ئەوەی ئێوە ناوتان نا قەیرانی رۆشنبیریی کوردیی. رەنگە بەشێوەیەکی گشتی بەم شێوە بتوانین شتێ تێبگەین لەم بازارە. بەڵام جارێکیتر دووبارەی دەکەمەوە، کە گەر بمانەوێت تەعبیئەی مێتۆدەکانی سۆسیۆلۆژیا بکەین بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفەیەکی سۆسیۆلۆژی لەسەر کێڵگەی رۆشنبیریی کوردی باشترین رێگا لێکۆڵینەوەی مەیدانیە نەک قسەکردن لە بۆشایدا.

## 2. پەیوەندی نێوان رۆشنبیر و دەسەڵات لە کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

ئەم پرسیارە راستەوخۆ دەمباتەوە سەر کتێبەکەی ماکس ڤێبەر ( زانا و سیاسەت)، هەروها ئەو هەرایەی کە لە نێوان بۆلتانسکی و بۆردیۆدا روویدا لەسەر پیشەی زاناکان و پەیوەندیان بەسیاسەتەوە.

من پێم وایە هەڵەیەکی گەورەیە گەر بەمشێوە گشتیە پرسیار بکەین. رۆشنبیر و دەسەڵات!! ئاخر ئەم پرسیارە دەیەوێت زۆر بەسادەیی پێمان بڵێت لە کوردوستان (یەک) گەردوون هەیە کە هەموو رۆشنبیرانی تیادا دەژین. من پێم وایە ئەمە هەڵەیە. لەکوردستان لە بری (یەک) چەندین (گەردوون)ی دانەبەشکراوی رۆشنبیران هەیە . وە ئەو (فرەگەردوونیەش) دەمانخاتە بەردەم (فرەپەیوەندی) لەگەڵ دەسەڵاتدا. وە تاوانێکە دەرهەق بە زانست گەر بە سیغەی موفرەد (singulier) قسە لەسەر ئەو پەیوەندیە بکەین. کێدەتوانێت بڵێت پەیوەندیی گەردوونی مامۆستا شێرکۆ بێکەس بە دەسەڵاتەوە هەمان پەیوەندیی گەردوونی مامۆستا شێرزاد حەسەنە.؟ لە کوێدا پەیوەندیی گەردوونی مامۆستا رێبوار سیوەیلی بەدەسەڵاتەوە لە هەمان پەیوەندی گەردونی نووسەرو پارێزەر ابراهیم مەلا زادە دەکات؟ چۆن دەکرێت باس لە گەردونی رەهەندو گەردوونی مامۆستا فاررووق رەفیق پێکەوە بکەین ؟ گەردونی ائیحسان عوسمان و گەردوونی شوان ئەحمەد لە کوێدا لە یەکتری دەکەن ؟

کەواتە بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارەتان تەنها دەتوانم ئەوەندە بڵێم کە ئێمە لە بەردەم پەیوەندیەکداین کە هەڵگری سیغەی جەمعە نەک موفرەد ( singulier-pluriel )، وە بۆ هەڵسەنگاندنیان پێوستم بە دووساڵ لێکۆڵینەوە هەیە بۆ ئەوەی بتوانم دەرەنجامێک بەدەستەوە بدەم و پێتان بڵێم من ئاوا سروشتی ئەو پەیواندیانە دەبینم. ناکرێت هەروا بەئاسانی و بە بێ رامان ئەم پرسیانە بکرێن.

تێبینیەکیتریش لێرەدا گرنگی خۆی هەیە و دەکرێ ئاماژەی پێبدەم. زۆر جار کە ئەم پرسیارە لە رۆشنبیرانی کورد دەکرێت، تێبینی دەکەم لە بری تەعبیئەکردنی زانست بۆ وەڵامدانەوە دێن و تەعبیئەی مۆراڵ دەکان، واتە دێن و گەردوونە جیاوازەکان بەسەر باش و خراپ، دوژمن و دۆست، حەرام و حەڵاڵ، هتد دابەشدەکەن. من هەرگیز ئەوە ناکەم. ئەوە کاری من نیە. من پێم وایە پەیامی زانست پەیامێکی ئەخلاقی نیە. زانست نایەت ئەخلاق دابەشبکات. زانست نایەت بڵێت رۆشنبیرانی پارتی خراپن و رۆشنبیرانی یەکگرتوو باشن، رۆشنبیرانی دەرەوەی حیزب فریشتەن و رۆشنبیرانی ناوەوەی حیزب شەیتان. ئەمە کاری ئەخلاق فرۆش و مۆراڵچیەکانە. زانست گرفتێکی لەگەڵ ئەوەدانیە کە تۆ ئیسلامیت یان چەپ، ژنیت یان پیاو، مامۆستایت یان کرێکار! زانست لەسەر پرسیارێکی تر کار دەکات کە بە بۆچوونی من بەم شێوەیەیە:

ئەو رۆشنبیرە چۆن گەشتوەتە ئێرە ؟ چۆن لێرە کاردەکات ؟ چۆن لە سەردەم کاردەکات نەک لە گووڵان ؟ چۆن ئەم رۆشنبیرە پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەسەڵاتدا رێکدەخات ؟ دیارە زۆر ئاسانە تۆمەت دابەشکردن و ئەخلاق دابەشکردن، مەلایەکی نەخوێنەوار و راپۆرتنووسێکی جنێوفرۆشیش دەتوانێت ئەوە بکات. بەڵام وەڵام دانەوەی ئەمپرسیارانە بەو شێوەیەی کە پێشنیارکران، یەکەم سوپایەک لە سۆسیۆلۆگ و پۆلێتۆلۆگی دەوێت و دووەمیش کاری یەک ساڵ و دووساڵە نەک رۆژو دوو رۆژ. هەروەها ئیمکاناتی مادیی دەوێت. لە فەرەنسا نۆسەدو پەنجا هەزار توێژەرەوە لە لایەن دەوڵەتەوە دامەزراون بۆ ئەوەی زانست بەرهەم بێنن. وە بۆ گەیشتن بە پلەی توێژەر سادەترین مەرج دوکتۆرایە لە تایبەتمەندییێکدا، بە بێ دوکتۆرا بە هیچ شێوەیەک شەرعیەتی ئەوەت نیە ناونیشانەکانی وەک پسپۆرو تایبەتمەندو لێکۆڵەرەوەو توێژەرەوە بخەیتە پشت ناوەکەتەوە. لە کوردوستانی ئێمە سەیرە، رۆژنامەنووسەکانیش توێژەرن! لە فەرەنسا لە سەدا دوو نیوی داهاتی نەتەوەیی بۆ توێژینەوە دادەنرێت! ئەی لە کوردئستان! جاک شیراک بۆ ئەوەی قانوونێک لەسەر سەرپۆش دەربکات، بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک کۆمیسیۆنێکی لە سۆسیۆلۆگە هەرەگەورەکانی فەرەنسا (ئالان تۆرێن) و لە فەیلەسوفەکان( رێجیس دوبرێ)و لە ئیسلامۆلۆگەکان ( موحەمەد ئارکۆن) دروستکرد بۆ ئەوەی تەعبیئەی سەرلەبەری مێتۆدەکانیان بکەن بۆ ئامادەکردنی توێژینەوەیەکی مەیدانی لەسەر ژنە سەرپۆشبەسەرەکانی فەرەنسا. ئەوە سەرکۆمار نەبوو کە ئەم قانوونەی دەرکرد، بەڵکو توێژینەوەی ئەو سوپایە لە سۆسیۆلۆگ و پۆلێتۆلۆگ و فەیلەسووفانە بوو کە بە سەرکۆماریان گووت چۆن رەفتاربکات. ئەی لە کوردوستانەکەی ئێمە ؟ بۆ ئەمە رووداوات ؟ کێ دەتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە ؟

### 3. چی بەرۆشنبیرەکانی دەسەڵات دەڵێیت کە بەردەوام گەندەلیەکانی دەسەڵات دەشارنەوە؟

ئەم پرسیارە نابێت بەم شێوەیە بکرێت. وە ئەگەر بەم شێوەیەش بکرێت دەبێت یان رۆژنامەنووسێک یان مەلایەک یان ئەخلاقدابەشکارێک وەڵام بداتەوە.

### 4. دەمەوێت هەلوێستەیەک لە سەر بابەتی جاسووسەکانی خوا بکەین ، بۆچی بەردەوام نەبوویت؟

لە راستیدا ئەو بابەتەی کە لە هاوڵاتی بڵاوم کردەوە تەنها سەرەتای لێکۆڵینەوەکەبوو. لێکۆڵینەوەکە بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا دابەشدەبێت، بەشی یەکەم وام بریار دابوو باس لە جیهانی پێش رەهەند بکەم، بەشی دووهەم جیهانی رەهەند و بەشی سێیەمیش جیهانی پۆست رەهەند. دوو هۆکاری سەرەکی وایانلێکردم ئەوەی کە نوسیومە بڵاوی نەکەمەوەو ئەوەشی کە نەم نووسیوە لە ئێستادا بوەستم لە نووسینی:

هۆکاری یەکەم بەم شێوەیە پێناسەدەکەم؛ لە ئەم قۆناغەدا تێبینی ئەوەدەکەم کە بزووتنەوەیەکی دژەرەهەند کەزیاتر بە بزووتنەوەیەکی سیاسی دەچێت لەکارکردندایە. من ئەو بزووتنەوەیە ناودەنێم (رەهەندۆفۆبی). ئەوانەی ئەمرۆ رەهەندۆفۆبن کۆمەڵێک هۆکاری زاتی و سیاسی و دواتر کۆمەڵێک نەخوێنەوارو رۆژنامەنووس و تەلەفیزۆنکارەکانن. دیارە هەندێک **رەخنەی جدیی** هەیە نایخەمە نێو بازنەی رەهەندۆفۆبیەوە.

کاتێک کە جاسووسەکانی خوا بڵاوبوەوە، هەندێک پێیانوابوو کە من سەنگەرم لەرەهەندگرتووەو بریاری جەنگم لەگەڵداداون. ئەوە گرفتێکی گەورەیە لە کوردستان. زۆر بەکەمی تەماشای ئەوەدەکەین کە نووسراوە، لە کوردستان، نووسین گرنگنیە، زانست وەک بەرهەم هێنراو گرنگنیە، ئەوەی گرنگە کێ قسە دەکات. کوردستان لەگرێ ئەخلاقیەکانیدا نقومبووە ، ئیتر چ دەربەستی زانستی نووسراوە. ئەوەی کەمن نووسیم دوو تیپ لە خوێنەر خوێندیانەوە، تیپی یەکەم ئەوانەبوون کە زۆر لەوەبچووکتربوون کە بتوانن لە دابرانی ئێپیستێمۆلۆژی لە گەڵ مانای هاوبەشدا تێبگەن، بۆیە ناچار بازاری جنێویان گەرم کرد. ئەم تیپە هیچ پرسیارێک لای من درووست ناکات. چوونکە نەیتوانیەوەو لەتواناشیدا نیە براوتە نێو ئەو جیهانەوە کە لە جاسووسەکانی خوادا دروسستکراوە.

تیپی دووەم رەهەندۆفۆبیەکانن. لەنێو ئەم تیپەدا وەک تێبینیم کردووە چەندین ئاستی جیاواز لە رۆشنبیری هەیە، تەنها شتێک کەکۆیان دەکاتەوە دژایەتیکردنی رەهەندە. بۆ ئەوەی کە هەر لەسەرەتاوە وەهمێک بڕەوێنمەوە، من مامۆستا فاروق رەفیق ناخەمە نێو ئەم تیپەوە.

بەپێچەوانەوە، رەهەند بۆمن یەکێکە لە پرۆژە هەرە جدیەکانی کوردستان، رەهەند رووداوێکی ماژۆرە (majeur) ، وە داننەنانیش بەم واقیعەدا رەگوریشەکەی دەگەرێتەوە بۆ ململانێی مەوقیعەکان لە نێو کێڵگەی رۆشنبیریی کوردیدا نەک بۆ شتێکیتر. من بەشبەحاڵیخۆم هەوڵەکانم ئەوەندەی بەرەو ئاراستەی کێڵگەی زانست لە فەرەنسادا دەبەم، نیو ئەوەندە بە ئاراستەی رۆشنبیری کوردیدا نایبەم. روونتر بڵێم ململانێی من لێرە، لە نێوکێڵگەی زانستی فەرەنسیە، واتە من گرفتی مەوقیعم لە نێو کێڵگەی رۆشنبیری کوردی نیە، بۆ یە ناچار نیم هچ جۆرە زەبروزەنگێکی سامبۆلێک بۆ هەیمەنەکردن بەسەر بەرانبەردا بەکار بهێنم. لێرەوە خۆم بەدوور دەگرم لە رەهەندۆفۆبی و گەر بابەتەکەم بۆنی ئەوەی لێبێت پێمباشترە بڵاوی نەکەمەوە.

**5. لەو بابەتەدا باست لە پۆست رەهەند کردووە ؟ دەکرێت روونتر پێمان بڵێیت مەبەستت لەو کۆنسێپتە چیە؟**

من لێرەدا زۆر بەروونی ئەو کۆنسێپتە پێناسەدەکەم، وە هەوڵ دەدەم تەواو سادەی بکەمەوە بۆ ئەوەی هیچ تەمێکی لەسەر نەمێنێت.

رەهەند توانی چەند رۆشنبیرێکی کارامەو جددی و پرچەک بە فیکری ئەوروپی بە کوردستان ببەخشێت. ئەم رۆشنبیرانە کەهاتن نەکەوتن بەسەر ناوەندێکی کۆمەڵایەتیدا کە تیایدا هەموو کێڵگەکان دامەزرابن و سنورەکان لەیەکتری جودا بووبێتنەوە، وەک بۆلتانسکی و فرۆنسوا دوبێ و ئالان تۆرێن و بۆردیۆ ناتالی ئینیش و فیلیپ کۆرکیوف کەهاتن لێرە لە فەرەنسا هەموو کێڵگەکان دامەزرابوون. لێرەوە رۆشنبیرەکانی رەهەند ناچاربوون پەلاماری هەموو شتێک بدەن، سیاسەت، سۆسیۆلۆژیا، فەلسەفە، ئەدەب،هتد. رەهەندیەکان سەرلەبەری ناوەندی کۆمەڵایەتیان خستە ژێر پرسیارەوە. ئەمە کارێکی گەورەبوو کە کردیان. بەڵام رەهەندیەکان نەیان توانیت کێڵگەکان لە دونیای کۆمەڵایەتی کوردیدا دروست بکەن، بەکورتی چونکە کاری ئەوان نیە کێڵگەکان دروست بکەن. وەگەر ناهەقیش دەکەین گەر داوایان لێبکەین ئەم کارەبکەن. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا کوردستان پێویستی بە دامەزراندنی کێڵگەکان هەیە ؟ وەڵامی من بەڵێیە. کەواتە کێن ئەوانەی کە دەتوانن کێڵگەکان دابمەزرێنن ؟ من دەڵێم تایبەتمەندەکان. ئەم وەڵامە دروست دابرانێ لە نێوان تایبەتمەندەاکان و رەهەندیەکاندا دروستدەکات، چونکە رەهەندیەکان تایبەت نین لە بوارێکدا، سروشتی کارکردنەکەیان تایبەتمەندێتی رەتدەکاتەوە. نووسەرێکی رەهەند دەتوانێت لە یەک کاتدا ئەدیب و سۆسیۆلۆگ و پۆلیتۆلۆگ و فەیلەسوف و وەرزشکارو شاعیریشبێت. بەڵام تایبەتمەند کەسێکە کە دەکرێت بێت و هەموو تەمەنی خۆی بۆ ئەوەتەرخانبکات کە کێڵگەیەک لە کوردستان تێوریزەبکات.

من پێم وایە دونیای پۆسترەهەند لە ئێستادا تەواو فۆرمی نەگرتووە، بەڵکو لە فۆرمگرتندایە، لێرە نیە، بەڵکو بەرێوەیە. وە ئەو خوێنکارانەی کە یێستا لە زانکۆکانی ئەڵمانیا و هۆڵەنداو سوێد و ئەمەریکاو بەریتانیاو فەرنسا رێگای دکتۆراکانیان گرتوەتەبەر رەنگە بەشێکی گەورەی رەگەزە پێکهێنەرەکانی دونیای پۆسترەهەندبن. لێرەدا نابێ بەهەڵەدابچین، من تەنها باس لەو خوێدنکارانە دەکەم کە هەڵگری ئەوخەونانەن، گەرنا هەرگیز مەبەستم ئەوەنیە کە هەر بەوەندەی بوویت بە خوێدنکار لە زانکۆیەکی ئەوروپیدا ئیتر ئۆتۆماتیکی دەبیت بە رەگەزێکی دونیای پۆسترەهەند. ئەو تۆمەتە نابێت بخرێتە پاڵ ئەو بۆچونەی من.

6. بێدەنگی بەختیار عەلی لەسەر ئەو بابەتە بۆچی دەگێریتەوە ؟

لە بیرت نەچێت کە کاک بەختیار عەلی هەیمەنەیەکی گەورەی بەسەر رۆشنبیریی کوردیدا هەیە، هەیمەنەش بەبێ زەبروزەنگ ناپارێزرێت ، مەبەستم لە زەبروزەنگی سامبۆلێکە. ژان

پۆل سارتەر هەتا ئەورۆژەی دونیای بەجێهێشت ئیعترافی بەبۆردیۆ نەکرد! بۆردیۆ هەتا کۆچی دویی کرد ئیعترافی بە بێرنار لایر نەکرد کە یەکێکە لە هەرە گەوەرە سۆسیۆلۆگەکانی فەرەنسا. وە هەمان بێرنار لایریش ئێستا کە پرۆفێسۆرە لە زانکۆی لیۆن هەر سۆسیۆلۆگێک نەخراوەتە ژێر هەیمەنەیەوە تونترین زەبروزەنگی سامبۆلێکی بەرانبەر بەکار دەهێنێت. سارتەرو بۆردیۆو لایر خاوەنی تیۆریە گەورەکانن، بەڵام لە بیرت نەچێت کە لە هەمان کاتدا هەریەکێک لەمانە پێویستی بە پارێزگاریکردنە لەو مەوقیعەی کە دەیکات بەهەیمەنەدار. بۆ کاک بەختیاریش هەر وایە. تەواو هەڵەین گەرپێمان وابێت کە رەهەندیەکان هەروا بەئاسانی دانبە دونیای پۆست رەهەندا دەنێن. مەگەر تائێستاش پێشرەهەندیەکان رەهەندیەکان بە گومراو نەخوێنەوارو تێکدەرو فەوزەوی و تێنەگەشتوو وەسفناکەن ؟

(3)

## 7. بیستومانە لەیەککاتدا دوو ماستەر نامە ئامادە دەکەیت لەسەر حیجاب لە فەرەنسا، دەکرێت لەسەر ئەم مەسەلە زیاترمان پێبڵێیت ؟

رێکەوتێکی باشە بۆقسەکردن چونکە لەم رۆژانەداو لەبەردەم لیژنەیەک لە پرۆفێسۆرەکانی زانکۆدا ماستەرنامەکەم پێشکەشکرد،و بەپلەی زۆر باش کۆتایم پێهێنا. راستیەکەی من ماوەی زیاتر لە سالێکە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لەسەر 75 ئافرەتی سەرپۆشبەسەر دەکەم. ئەو تیکنیکانەی کە پشتم پێدەبەستن بریتیبوون لە چاوپێکەوتن و چاودێریکردنی راستەوخۆو ناراستەوخۆ. وەدەتوانم ئیشکالیەتەکەشم کە لەسەر مەیدان بیناکردنەکەیم کۆنکرێتکرد لەم چەند دێرەدا کورت بکەمەوە:

لە فەرەنسا دەزگاکان و شوێنەگشتیەکانی ئەمرۆ دەرەنجامی جەنگێکی مێژووی نێوان جمهوریەت و کریستیانیسمە، کە جمهوریەت ئەو جەنگە دەباتەوە، ئیتر دەزگاکان و شوێنەگشتیەکان لە ژێر دەسەڵاتی ئاین دەهێنرێتە دەرەوە، وە بەشێوەیەکی رەسمی لە ساڵی 1905 وە یاسای لایسیتێ (کە عەرەبەکان بەهەڵە بەعەلمانیەت تەرجەمەیانکردووە) دەچەسپێت، لایسیتێ بەمانای ئەوەی دەوڵەت ئیتر بۆی نیە دەست بخاتە کاروباری ئاینەوەو هەروەها بۆی نیە فەزڵی ئاینێک بدات بەسەر ئاینێکیتردا و دەوڵەت دەبێت لە بەرانبەر ئاینەکاندا سەد لەسەد بێلایەنبێت. وە ئاینەکانیش ئیتر نابێت ببرێنە نێو پانتاییە گشتیەکان. یەک سەدە بەسەر ئەم بارودۆخەدا تێدەپەرێت، بەڵام دوای سەد ساڵ لە دروستکردنی پانتاییە جەماوەریەکان لەسەر لایسیتێ، ژنە سەرپۆشبەسەرەکان دێن و ئاین دەبەنەوە نێو ئەو پانتایە جەماوەریانەوە! ئەم دەرکەوتنەی ژنە سەرپۆشبەسەرەکان لە چ مانایەک بارکراوە ؟ پانتایە

جەماوەریەکان چۆن پێشوازی لە ژنە سەرپۆشبەسەراەکان دەکەن؟ ئەم ژنە سەرپۆشبەسەرانە چۆن بوون بەسەرپۆشبەسەر؟ ئێسلام دەتوانێت لە گەڵ لایسیتیٚ دا هەڵبکات ؟ ئایا ئیسلام ئاینێکی فەرەنسیە یان ئاینێکە لە فەرنسا ؟ ئایا ئێمە دەتوانین قسە لە ئیسلام بە سیغەی موفرەد بکەین ؟ لە کوێدا و بەپێی چ مەنهەجێکی فەردی، ژنە سەرپۆشبەسەرەکان لە رێگای پراتیکەوە ئیسلام بەسیغەی جەمع دروستدەکەن؟ ئایا ئێمە لە کۆتایی ئیسلام وەک (بوونیەیەکی بوونیەکراوی بوونیەکاردا) دەژین ؟هتد

دیارە هەرگیز مومکین نیە ساڵو نیوێک لە توێژینەوەی مەیدانی و 200 لاپەرە لە چەنددێرێکدا کورتبکەیتەوە، بەڵام بەهەر حاڵ ئەوە داوێکەو زۆرمانی تێدەکەوین.

(4)

## 8. چۆن دەروانیتە داهاتووی پرۆژەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان ؟

بۆ وەڵام دانەوەی ئەمپرسیارە ئەم تێبینیانە پێویستن:

— من پێم وایە کردنی ئەم پرسیارە بەم شێوەیە هەڵەیە. پێشنیارکردنی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان وەک یەکەیەکی هاودەنگو هاوبیری تەبا لەناوەوەو دەرەوادا تەواو دورە لە واقیعەوە. جیاوازیەکانی نێوان یەکگرتوو لە گەڵ کۆمەڵ کەمترنیە لە جیاوازیەکانی یەکگرتوو لەگەڵ یەکێتی.

— لە کوردستان هەوڵێک هەیە بۆ پێناسەکردنی حیزبە ئیسلامیەکانی کوردستان وەک کۆمەڵێک فینۆمێن کە لەدەرەوە هاتوون و هیچ پەیوەندیەکیان بە واقیعی کۆمەڵایەتی کوردستان نیە. ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە و رێگای ئەوەمان لێدەگرێت کە بتوانین مەعریفەیەکی عیلمی لەسەر ئەو حیزبانە بەرهەم بهێنین. جەنابی مامۆستا سەلاحەدین و جەنابی مامۆستا عەلی باپیر لە کابوول و ئیسلام ئابادەوە نەهاتوون، بەپێچەوانەوە ئەوان رەگوریشەیان لە کوردستاندایەو لە بیارەو رانیەوە هاتوون. وە پێم وانیە بیارەو رانیە لە ئەفگانستان و پاکستان بن! ئەم فێڵە بەسەر رۆژنامەنووسێک یان سیاسیەکدا تێدەپەرێت، بەڵام کوفرە گەر بەسەر توێژینەوەیەکی زانستیدا تێپەرێت.

— هەروەها ئیسلامیەکانیش فێڵێکی گەورە لە ئێیمە دەکەن گەر بیانەوێت خۆیان بە درێژەپێدەرو دووبارەکەرەوەی ئەو دونیایە بزانن کە هەزارو چوارسەد ساڵ لەمەوبەر لە مەدینە دروست بوو. ئەوەی ئەو حیزبانەی لە کوردستان دروستکردووە دەقەکانی قورئانی پیرۆز نیە،

بەڵکو واقیعی کوردستانە. نوممونەیەکی زۆر سادە: دەقەکانی قورئانی پیرۆز هەرگیز وەسیەت بە وەناکەن کە لە کوردستان موسوڵمانان پارچەپارچەببن بەپێچەوانەوە دەیان ئایەت و حەدیس فەرمان بەوەدەدەن کە موسوڵمانان لەدەوری یەکترکۆببنەوەو لەیەکتر جودانەبنەوە. بەڵام ئەوەی لەسەر زەمینەی واقیع دەیبینین تەواو پێچەوانەیە. هیچ گرووپێک توانای ئەوەی نیە لەگەڵ گروپەکەیتردا بژی. بۆ ئێمە ئەوە دیاردەیەکی تەواو ئاساییە، چوونکە یەکگرتوو وەک پارتی و کۆمەڵ وەک یەکێتی و بزوتنەوە وەک حیزبی شیوعی حیزبی ئێستاو ئێرەن و لەدەرەوەی ئێستاو ئێرەی کوردستاندا بوونیانیە. چەند رەوایە بۆ پارتی کە دەیان حیزبی لێبیێتەوە ئەوەندەش رەوایە بۆ یەکگرتوو کە ئەوەندەی لێببێتەوە. بەڵام لێرەدا گرفتێکی گەورە هەیە، ئەویش بریتیەلەوەی کە دەیانەوێت مۆنۆپۆلی ئیسلام وەک ئاین بکەن. واتە چوونە نێو ئەو حیزبە بەچوونە نێو ئیسلام و چونەدەرەوە لێی بە  بەچوونەدەرەوە لە ئیسلام پێناسەدەکەن. من وشیارم بەوەی کە ئیسلامیەکان لەو پەری وشیاریەوە ئەمکارە دەکەن، چونکە هەموو سەرمایەی رەمزی خۆیان لەسەر ئەم بۆ چوونە بوونیادناوە، وەئەگەر ئەو سەرمایەیەیان لەدەست دەرچێت هیچیان بەدەستەوە نامێنێت بۆ ئەوەی پێی بگەنە دەسەڵات. واتە وەک چۆن کوردایەتی بۆ حیزبێکی نەتەوەیی وسیلەیەکە بۆ گەشتن بەدەسەڵات ئاواش ئیسلام وەسیلەیەکە بۆ گەشتن بەدەسەڵات. مەترسی ئەم مۆنۆ پۆلە بەپلەی یەکەم لەسەر ئیسلام خۆیەتی وەک ئاینێکی جیهانگیری هەموو مرۆڤەکان لە هەموو سەردەمەکان و جێگاکاندا. ئیسلام بەقەدەر ئەوەندەی ئاینی جەنابی مامۆستا سەلاحەدینە ئەوەندەش ئاینی جەنابی کاک مەسعود بەرزانیە، بەقەدەر جەنابی مامۆستا باپیر جەنابی مام جەلالیش خۆی بەموسڵمانێکی سوونی مەزهەب دەزانێت .لێرەوە تەوزیفکردنی ئیسلام بۆ نێو سیاسەت دەرەنجامەکەی لەکەدارکردنی ئیسلامی لێدەکەوێتەوە. من پێم وانیە مافی ئەوەمان هەبێت کە ئیسلام وەک ئاین بە بەرپرسبزانین لە لەتکردنو پارچەپارچەکردنی بزووتنەوەی ئیسلامی، ئەوەی بزووتنەوەی لەتوپەتکرد قورئان نەبوو، بەلکوو ئەو کەسانەن کە سیاسەت دەکەن و دەیانەوێت ململانێ سیاسیەکانیان و جەنگیان لەپێناوی دەسەڵاتداو دواتر سەرلەبەری شکستەکانیان بخەنە ئەستۆی ئیسلام. من پێوم وایە هەڵەیەکی گەورە دەکەین گەربێت و ئیسلام وەک ئاین لەو بزوتنەوە فۆندامۆنتالیستانە جیانەکەینەوە.

— داهاتووی ئەو بزوتنەوانە چۆن دەبینم. ئاسان نیە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، لە بەر ئەوەی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەشێوەیەکی گشتی پانتاییەکی ناجێگیرە، هاوکێشەکان زۆر بەپەلە دەگۆڕێن، کێڵگەکان دانەمەزراون، سنورەکان بەخێرایی تێکەڵدەبن و لەیەکترجودادەبنەوە، رەنگە بتوانین دووقسە لەسەر ئێستا بکەین، بەڵام دووقسە لەسەر داهاتوو زۆر ئەستەمە. هەروەها گرفتێکیتر هەیە لەکوردستان کە رێگامان پێنادات بەروونی لەسەر داهاتووی هیچ حیزبێک قسەبکەین، گرفتی رێنەکەوتن لەسەر سیاسەتکردن. لە

کوردستان تاێستاش یاساکانی ئەو یاریە رووننین، نازانین لە کوێدا یاریەکە دەبێت بە کۆرناڵ ، دەبێت بە پەنالتی، دەبێت بە ئاوت، دەبێت ماڵیگۆڵ، نازانین کاتی یاریەکە چەندە، کەی تەواو دەبێت، نازانین کێ ناوبژیوانە، هیچ نازانین، تەنانەت بارزانی و تاڵبانیش نازانن. ئایا دامەزراندنی حیزب لە سەر بنەمای ئاین فاوڵە یان نا ؟ ئایا نەوتنەوەی سروودی ئەی رەقیب و بەکوردی قسەنەکردن لە پەرلەمان و هەڵنەکردنی ئاڵای کوردستان و دابەشکردنی کوردستان فاوڵە یان ئاوت، کۆرناڵە یان پێنالتی ؟ کێ لە توانایدا هەیە وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە. (بەڵام تۆ دەتوانی نیشانەی گەشە کردن یا کز بوون دیار بکەیت و لێکیان بدەیتەوە! مەگەر هەر مەبەستت نەبێ بیانلێی!!

## 9. پێت وایە کە عەلمانیەتی کوردی هەڵگری پەیامی عەلمانیەتە ؟

بۆ وەڵام دانەوەی ئەمپرسیارە دەبێت سەرەتا ئەوکۆنسێپتەی کە بەهەڵە ناو نراوە عەلمانیەت بناسین، نەک وەک ئەوەی عەرەبەکان تەرجەمەیانکردووە بەڵکو وەک ئەوەی کە لەسەرچاوە سەرەکیەکانیەوە پێناسەکراوە. عەرەبەکان زۆر کۆنسێپتیان لەماناکانی بەتاڵکردووەتەوە، بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە، لەبەر ئەوەی رۆشبیران گرنگیان بەزمان نەداوەو جگەلە زمانی دراوسێکان کە زمانی زانست نیە زمانێکی دیکە نازانن، وە ئەوانەش کە زمانێکیدیکە دەزانن سەرچاوەیان لەبەردەستدا نیە بۆیە ئەم بێسەروبەریە بەیاسانی تێدەپەرێت بەسەر هەمووماندا.

ئێمە لێرە باس لە لایسیتێ دەکەین نەک لە سێکولاریتێ، چوونکە پرسیارەکەی ئێوە لەسەر یەکەمە نەک دووهەم.

رەگوریشەی ئیتیمۆلۆژی وشەی لایسیتێ تەواو گرنگە بێ لێتێگەشتنی. لایسیتێ ئەسڵەکەی دەگەرێتەوە سەر لاۆس کە تێرمێکی گرێکی کۆنە. لاۆس ئاماژەیە بە یەکێتی گەلێک کە وەک یەکەیەکی دابەشنەبوو پێشنیاردەکرێت. لێرەوە لایک دەبەێتەوە بە ئەو کەسەی کە ئینتیمای بۆ گەل هەیە، کەسێک کە نە بیروباوەری جیاواز، نە ئاینی جیاواز، نە بەرژەوەندی جیاواز ناتوانێت ئەو ئینتیمایەی لێبسەنێتەوە. لایک کەسێکە کە دەتوانێت هەڵبژێرێت لە نێوان ئاینەکان و مەزهەبەکان و ئایدۆلۆژیەکان و هتد. واتە یەکێتی لاۆس *laos* بەشێوەیەکی بەردەوەم یەکێکە لە بنەماکانی ئازادی و یەک سانی. یەکسانی لەسەر ئازادی بیرکردنەوە دادەمەزرێت. لێرەوە لە ئەکێتی لاۆس هیچ یەکێک لەو ئاین و مەزهەب و ئیدیۆلۆژیایانە بەشەرعی نازانێت کە لەسەر بنەمای تەمیز-discrimination ئازادی دەکوژن.

لە دونیای مۆدێرنی ئەمرۆدا، دەکرێت بڵێین بیروباوەری هیچ کەسێک یان گروپێک نابێت فەرزبکرێت بەسەر هەمواندا. یەکێتی لاۆس لێرەوە دەبێتەوە بە تەماشاکردنی هەموو ئاینەکان، هەموو عەقیدەکان، هەموو ئیدۆلۆژیەکان، هەموو مەزهەبەکان لە یەک یاستی یەکساندا. وە

دەوڵەت دەبێت کۆمۆنیستێک و موسڵمانێک و مەسیحیەک و جولەکەیەک و مولحیدێک وەک یەک تەماشابکەت. هیچ ئاین و مەزهەب و ئیدیۆلۆژیایەک بۆی نیە نۆرمی گشتی بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەوانیتر دابمەزرێنێت. واتە لێرەوە دەوڵەت دەبێت تەواو بێلایەن بێت. تاکەکان دەبن بە موسوڵمان، دەبن بە جوولەکە، دەبن بە مولحید دەوڵەت بۆی نیە تەداخولبکات. کاری دەوڵەت ئەوەیە ئازادی هەموو تاکەکان بپارێزێت، تەنها ئەو کاتە بۆی هەیە تەداخولبکات کە ئازادی و یەکسانی تاکێک دەکەوێتە مەترسیەوە.

لێرەوە لایسیتێ laïcité گوزارشتکردنە لە گەلێکی پێکهاتوو لە مرۆڤی ئازادو یەکسان. ئازادی گرەوێکە ملکەچی هیچ کرێدۆ-ئیمانیکی « *credo* » فەرزکراو نابێت. یەکسانیش بریتیە لە سرینەوەی پلەکانی ئەفزەلیەتە، واتە ئەفزەلیەت نەدانە بە هیچ ئاین و بیروباورێک. هەموو ئاینەکان، هەموو گرووپەکان، هەموو ئیدیۆلۆژیەکان وەک یەک وانو دەوڵەت هەموویان دەپارێزێت.

لایسیتێ هیچ گرفت و دژایەتیەکی لەگەڵ ئایندا نیە. گرفتی لایسیتێ لەگەڵ خواستی ئەوکەسانەدایە کە دەیانەوێت ئاین بەکاربێنن بۆ مۆنۆپۆل و کۆنترۆڵکردنی پانتایە گشتیەکان. گەر رێگا بەئاینێک بدرێت بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی پانتایە گشتیەکان بکات، ئایا تاکەکان مافی ئەوەیان دەبێت ببن بە کافرو مولحیدو مورتەدو کۆمۆنیست و بێئاین و هتد ؟ بێگومان نەخێر. کە کریستیانیسم کۆنترۆڵی پانتاییە گشتیەکان بکات ئەوکات ئەوی بڵێت من مولحید یان موسوڵمانم دەیسوتێنێت. وەهەروەها بۆ هەموو ئاینەکانیتریش راستە. دوڵەت دەبێت پارێزەری هاوڵاتیکان و ئاین و بیروباوەری هاوڵاتیەکانی بێت. پارێزەر بەمانای ئەوەی هەموو هاوڵاتیەک مافی ئەوەی هەیە ئەمرۆ مەسیحیبێت و بەیانی موسوڵمان، ئەمرۆ جولەکە بێت و بەیانی بوودیست، ئەمرۆ یەکێتی بێت و بەیانی پارتی، ئەمرۆ یەکگرتوو بێت و بەیانی شیوعی. هتد.

بەڵام سێکیولاریتێ sécularitéشتێکی دیکەیە جیا لە لایسیتێ . سێکیولاریتێ بریتیە لە دەرەنجامی پەروەردەکردنی تاکو گرووپەکان لەسەر نەگەرانەوە بۆ نۆرمو دۆگمو بناماکانی ئاین لە ژیانی رۆژانەیاندا. سێکیولاریتێ دەرەنجامی سۆسیالیزەکردنی کەسەکانە لەسەر ئەو بەهاو سیستێمە ئەخلاقیانەی کە لە ئاینەوە سەرچاوە ناگرن. با نوونە دوونموونە پێشنیار بکەم بۆ ئەوەی باشتر تێبگەین. وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا هەرگیز دەوڵەتێکی لایک نە بووە، هەمیشە دەوڵەت ئاینێکی رەسمی هەبووە، بەڵام ئەو سیستێمە ئەخلاقی و ئەو بەهاو نۆرمانەی کە ژیانی رۆژانەی ئەمەریکەیەکان دەبات بەرێوە تەوەو سێکیولاریزە کراوەو هیچ پەیوەندیەکی بە ئاینەوە نیە. بەڵام لە تورکیا دەوڵەتێکی لایک مان هەیە، دەوڵەتێ کە لەسەر لایسیتێ دامەزراوە، کەچی دەبینین ئەو نۆرمانەی کە ژیانی هاوڵاتیان دەبات بەرێوە تەواو لە ئاینەوە سەرچاوەدەگرن. واتە بزوتنەوەی پەروەردەکردن و بەکۆمەڵایەتی کردنی هاوڵاتیان

لەسەر بەهاکانی سێکیولاریتێ لە پلەیەکی تەواو نزم دایە. بەم شێوەیە دەبینین ئەمەریکا وڵاتێکی نالایک بەڵام سێکیولاریست، تورکیاش وڵاتێکی لایک بەڵام سکولاریزەنەکراو.

ئەی لە کوردستانی ئێمە!!!

سەرەتا دەوڵەتێکمانیە تابزانین لایسیتێ  قبوڵ دەکات یان نا. کوردستان ئێستا هەرێمێکە لە دەوڵەتێک کە ئێستا لە دامەزرانەویداین. ئایا عێراق دەبێتە دەوڵەتێکی لایک یان نا ؟ هیچ زانیاریەکمان لە بەردەستدا نیە ؟ دە بێت چاوەروان بین!

ئەی ئایا حیزبە کوردیەکان کار لە سەر بە لایک کردنی هەرێمی کوردستان دەکەن؟ بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت بگەرێینە وە بۆ ئەزموونی سیازدە ساڵەی سەربەخۆیی رێژەیی کوردستان و لە دەساڵاتدابوونی ئەو حیزبانە. لە ماوەی سیانزە ساڵ لە ئەزموونی دەسەڵات، ئەو حیزبانە بیریان لە هەمووشتێ کردەوە تەنها لایسیتێ  نەبێت. کوشتنی یەکتری، دابەشکردنەوەی کوردستان، هێنانی دوژمنانی وڵات بۆ سەر یەکتری، دەوڵەمندکردنی چینێکی بچووکی کوردستان و هەژارکردنی تەواو چینەکانیتر، هتد. ئایا دەسەڵاتی کوردی دەتوانێت بەراست بێلایەن بێت لە بەرانبەر هەموو پارتاکان و ئاینەکان و چینەکان و بیروباوەرەکاندا ؟ کێ هەیە گوومانی لە ئیجابیەتی ئەو وەڵامە نەبێت!

ئەی پەروەردەکردن و سۆسیالیزەکردنی هاوڵاتیان لەسەر سێکیولاریزاسیۆن ؟ ئایا ئەوەی لە کوردستان ژیانی هەموو رۆژێکی تاک و گروپەکان رێکدەخات نۆرماکنی ئاینە یان ئەبەهایانەی کە سێکیولاریزەکراون ؟  وەڵامەکە ئاشکرایە بۆ هەموومان.

(5)

## 10. دەتوانیت هەڵوێستی خۆت لەسەر ئەو مشتومرەی نێوان بەختیار عەلی و فاروق رەفیق مان پێبڵێیت ؟

من رێزێکی بێ پایانم بۆ هەر یەکێک لەو دوو نووسەرە هەیە، پێم وایە هەردووکیان خزمەتی گەورەیان بە رۆشنبیری کوردی کردووە. وە ئاشکرایە ئەو دوو پیاوە لەسەر دوو مێتۆدۆلۆژی جیا کار دەکەن. من بەشبەحاڵی خۆم لەسەر مێتۆدۆلۆژیەک کاردەکەم کە نامباتەوە سەر دونیاکانی ئەوان. تەنانەت مەیدانی کارکردنیسم لەوان جیایە. وە دیالۆگی نێوان ئەو دوو رۆشنبیرەش شتێکی زۆر ئاساییە تا ئەو کاتەی کە رێز لە بنەماکانی یاریەکە دەگرن. وە نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت کە ئەو دیالۆگە بەقەدەر ئەوەندەی ململانێی مێتۆدۆلۆژیەکانە بەهەمان قەدەریش ململانێیە لە پێناوی هەیمەنەی زیاترو مەوقیعی باڵای گەورەتر لە پانتایی رۆشنبیریی کوردیدا. ئەو دیالۆگە پرلەزەبروزەنگە ئەوەشمان پێدەڵێت کە ئیتر ئەستمە بیر لە گەردونێکی تەباو یەکتاو

یەک رەنگو یەکدەنگی رۆشنبیریی بکەینەوە لە کوردستان. کاتی ئەوە هاتووە کە ئیتر بیرکردنەوەو زانستو مەعریفە بە جەمع وەربگرین نەک بە موفرەد.

**11. تۆو فاروق رەفیق لە کۆماڵگەی مێگل نارازین، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە ئێوە لە یەکتر نزیکن ؟**

نا بەهیچ شێوەیەک لە یەکتری  نزیک نین. کێ هەیە لە بەشتکردنی مرۆڤەکان رازیبێت ؟ بێگوومان کەس. بەڵام ئێمە دوونیای کارکردنمان لەیەک جودایە. من سۆسیۆلۆجی دەکەم ئەو فەلسەفە، من لەسەر مەیدان تێۆری دروست دەکەم، ئەو لەسەر تیۆری مەیدان دروستدەکات، من باوەرم بە دابرانی ئیپیستێمۆلۆژی لە گەڵ مانای هاوبەشدا نیە، ئەو لەسەر دابرانی ئیپیستێمۆلۆژی لەگەڵ مانای هاوبەشدا کاردەکات، من لە ناوەوە تەحلیلدەکەم، ئەو لەدەرەوە تەحلیلدەکات،هتد.